سودانی لە لەندەن پێشوازی لە شاندێکی کۆمپانیای بی ئێی ئی سیستەمز دەکات

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە لە شوێنی مانەوەی خۆی لە لەندەن پێشوازی کرد لە شاندێک، بە سەرکایەتیی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە چارلز وودبەرن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە دیدارەکەدا سروشتی کارەکانی کۆمپانیاکە کە تایبەتە بە هەموو جۆرە پیشەسازییەکی سەربازی و بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای ئاسایشی ئەلیکترۆنی و سیستەمی ئەلیکترۆنی تاوتوێکرا، بەتایبەتی کە حکومەت ئارزووی پێککردنی هێزە ئەمنییەکانی هەیە، بە نوێترین چەک و لە بنەچەی جۆراوجۆرەکان.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا تاوتوێی لایەنە ئەگەرییەکانی هاوکاری لەگەڵ عێراق کرا، بەڕێزیان پێشوازی کرد لە پێشنیارەکەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە، بە کردنەوەی هێڵکانی بەرهەمهێنانی چەک بەهاوکاری لەگەڵ دەستەی پیشەسازی سەربازی لەعیراق، هەروەها پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری لەبواری ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا، بەتایبەتی کە یاسای دەستکە یارمەتیدەر بە دامەزراندنی هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییە تایبەتمەندەکان و فراوانکردنی هاوکاری تەکنەلۆژیا لەگەڵیاندا.